# گوناهە جوانەکانی من

یاسین بانیخێڵانی

ئەوە چ خوایەکە
بەرەو هەڵدێری هەرەسهێنانی ڕۆحم ئەبا؟
ئەوە چ زەردەپەڕو ئاوا بوونێکە
بەرەو دڵی شەوم ئەبا؟
ئەوە چ چاکەیەکە
بەرەو خیانەتم لەخۆم ئەبا؟
ئەوە چ خەونێکە
بەرەو بێداریم لە نێرگسیەتی تۆ ئەبا؟
ئەی هەتاوی ڕەش
خۆت لە هەوری خەمەکانم لادە
گەر ناخوازی بمری
تیرۆژت ناتوانێ
سێبەری ئەم کەلاوە لەئامێزگرێ
ئەمە بیابانێکە بە تۆ نابێتەوە گوڵستان
ئەمە شەوگارێگە بە تۆ نابێتەوە چراخان
ئەمە خەمێکە بە تۆ شاد نابێتەوە
ئەمەگریانێکە بە تۆ ژیر نابێتەوە
ئەی هەتاوی ڕەش
ئەم دەریا شەختە بەتۆ ناتوێتەوە
لەم ماڵە پڕ گوناهەدا جێت نابێتەوە
گوێ هەڵخە!
دڵی باران چەند بە نەرمی
لەسەر شوشەی پەنجەرەکە لێئەدا
لەودیو دەرگای ژوورەکەوە
ترپەی پێی مەرگ کاتێ دێ و دەچێ

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
22/05/2002 01:01

چەند بە سوکی دێتە بەرگوێ

باڵندە تەنهاکەی ڕۆحیشم بە هێواشی بە نامۆیی

دوا ئاوازی ژیان ئەخوێنێ

کێ ئەزانێ!

چەند مرۆ لەناو بیابانی ڕۆحما ونبوون و

شوێن سەراب کەوتن

چەند تریفە لە کانی لێڵی چاوەکانما

خنکان

چەند ئەستێرە لە شەوی ژیانما

داکشان

چەند پەپولە لەبەر گەرمای ئاهەکانما

هەڵقرچان

ئەی پەری ڕەش

چی بەم دۆزەخەی منی گەیاندی؟

منی شەیدای خەم و تۆی شەیدای خەندە

منی شەیدای گوناھ و تۆی شەیدای چاکە

تۆی عاشقی خوا منی شەیتان

دەپێم بڵێ:

چۆن پێکەوە هەڵدەکەین

منی شەیدای سوتان و هەڵقرچان

تۆی شەیدا ژیان؟

<u>تێبینی</u>

ئەمە چەند پارچەیەکی کورتە لە قەسیدەیەکی درێژ



www.kurdistannet.org